# لە پێشبڕكێی تەلەفزیۆنی ڤیڤا كوردێك بەیەكەم دەرچوو



لە پێشبڕكێی مۆزیك كە كەناڵی ڤیڤای ئەڵمانی بۆ دەنگبێژ و بەهرەمەندانی وڵاتەكەی سازی كردبوو، لاوێكی كوردی تەمەن ١٨ ساڵ بەناوی رۆژ حاجی یونس لە گۆرانییەكی خێرادا پلەی یەكەمی بەدەست هێنا. هەروەها رۆژی ٢٠٠٥/١٢/٥ لەهەمان تەلەفزیۆندا گۆرانییەكی كوردی پێشكەش كرد. رۆژ لەرۆژئاوای كوردستان لەدایك بووە و ئێستا لەشاری بەرلین لەئەڵمانیادا دەژیت.

# ئەو رێوییەی توركەكان ویستیان ناوی بگۆڕن



بەگوێرەی زانست هەموو گیانلەبەرێك ناوی تایبەتی خۆی هەیە، جۆرێك لە رێوی كە لەكوردستاندا دەژی، ناوە زانستییەكەی ( vulpes vulpes kurdistanicus)

بەڵام رژێمی توركیا هەرچۆن نكۆڵی لەهەبوونی نەتەوەی كورد دەكات، بە هەمان شێوەش نایەوێ ئاژەڵانی كوردستان ناوی خۆیان هەبێت. لەمانگی ئازاری ٢٠٠٥ رژێمی تورك هەوڵیدا ناوی رێوی ڤولپەس ڤولپەس كوردستانكۆس بۆ ڤولپەس ڤولپەس بگۆڕێت بەڵام زانایانی زیندەوەرزانی ئەو هەوڵەی توركە تۆرانییەكانیان پوچەڵكردەوەو رێوی بەناوی خۆی مایەوە و نەتوانرا بەتورك بكرێ.

# گۆرانی گوتن تەمەن درێژ دەكات



لەیەكێك لەتوێژینەوە نوێیەكاندا كە لەزانكۆی (فرانكفۆرت) ی ئەڵمانیا ئەنجامدراوە، دەركەوتووە گۆرانی گوتن رۆڵێكی كاریگەر لەكەمكردنەوەی گوشارە دەروونییەكانو درێژكردنی تەمەن دەبینێت. سایتی موحیت بڵاوی كردەوە: ـ لەتوێژینەوەیەكدا كە لەسەر ٣١ گۆرانی بێژدا كراوە دەركەوتووە كە بە هۆی گۆرانی گوتنەوە گوزارشت لەهەستی خۆشیو ناخۆشییەكانی دەكرێت، بەمەش گوشارە دەروونییەكانی كەم دەبنەوەو دەمارە گرژەكانی خاو دەبنەوە، ئەم چالاكییەش كاریگەری لەسەر چالاككردنی دژە تەنو سوڕی خوێنو پاراستنی كۆئەندامی هەناسە دەبێت. هەر لەم توێژینەوەیەدا دەركەوتووە ئەو كەسانەی كە لەتەمەنی لاویدا دەست بەگۆرانی گوتن دەكەن تا ماوەیەكی درێژ بە گەنجی دەمێننەوەو درەنگ پیردەبن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا كاریگەری لەسەر ساغیو سەلامەتی جەستەو ئەندامەكانی لەشی مرۆڤدا هەیەو تەمەنی درێژتر دەكات.




# رۆژینە زەماوەندی خۆی گەرم كرد



رۆژی ٢٠٠٥/١٢/٢ رۆژینە، ئەستێرەی شانۆو سینەماو مۆزیكی كوردی ئاهەنگی زەماوەندی هاوسەرێتی خۆی لەشاری ئۆپسالای وڵاتی سوید لەگەڵ بازرگانێكی كوردی شاری مەرعەش گێڕا. ئەوەی شیاوی باسە ژمارەیەكی زۆر دۆستو ناسیاو بەشدارییان لەئاهەنگی زەماوەندی ئەو دوو هاوسەرەدا كردبوو، ئاهەنگەكە جۆشو خرۆشێكی تایبەتی هەبوو، بەڵام كاتێ رۆژینەی بووك لەگەڵ زاوادا گەیشتە ناو هۆڵی ئاهەنگەكە بۆخۆی مایكرۆفۆنی گرتو دەستی بەگۆرانی گوتن كرد، بەم كارەی زیاتر دڵی میوانانی خۆش كرد و ئاهەنگەكەشی گەرمتر كرد. پیرۆزبێت پێكهێنانی ماڵی هاوبەشی نێوان ئەم بووكو زاوایە.

# كاتژمێرێك بە ١٢٥ هەزار دۆلار فرۆشرا



لەئاهەنگێكی خێرخوازیدا بۆ پشتگیری كردن لەتوێژینەوە تەندروستییەكانی قەڵاچۆكردنی شێرپەنجەی مەمك سازكرابوو، پاریس هیلتۆن كاتژمێرێكی كۆمپانیای ئەبازیسی لەدەست كردبوو كە بەنزیكەی هەزار پارچە ئەڵماسی بچووك نەخێشنرابوو، لەهەراجكردندا بە بڕی (١٢٥) هەزار دۆلار فرۆشرا.

# كێن ئەوانەی لە نێو هۆڵی دادگەدا دانیشتوون




١ ـ رۆژنامەنووسانو هەواڵنێران

٢ ـ محەمەد عەزاوی عەلی، بەرپرسێكی حزبی بەعسی دۆڕاو

٣ ـ عەلی دایم عەلی، بەرپرسێكی حزبی بەعسی دۆڕاو

٤ ـ بارزان ئیبراهیم تكریتی، سەرۆكی پیشووی دەزگای سیخوڕی دەوڵەتی سەدام

٥ ـ تەها یاسین رەمەزان، جێگری سەدام حوسێن

٦ ـ موزهەر عەبدوڵلا روەید، بەرپرسێكی حزبی بەعسی دۆڕاو

٧ ـ عەبدوڵلا روەید، بەرپرسێكی حزبی بەعسی دۆڕاو

٨ ـ عەواد حەمە ئەلبەندەری، سەرۆكی دادگەی دەوڵەتی سەدام

٩ ـ سەدام حوسێن، دیكتاتۆری پێشووی عێراق

١٠ ـ دادوەر رزگار محەمەد ئەمین، سەرۆكی دادگەی باڵا.

## ئایرۆنی

جەبار سابیر

# زاراوەكان

كورد زۆر حەزی بەزاراوە سازیو خەرجكردنی ئەو زاراوانەیە لەژیانی رۆژانەی خۆیدا بەجۆرێك بۆ هەرشتێك زاراوەیەكی تایبەت دادەهێنێو ئیتر ببڕای ببڕ لەكۆڵ ئەو شتە یاخود ئەو كەسە نابێتە، كاتی خۆی شێخ جافەری پارێزگاری سلێمانی لەئاهەنگێكدا سەرچۆپیگرت ناویاننا شێخ چۆپیو ئێستاش كەبەهەولی حزبی كوردی گەیشتۆتە ئەوروپا ئەو پیاوە هەر شێخ چۆپییە.!

جالەباسی شێخ چۆپییەوە زاراوەی كۆنە بەعسی دێتە پێشێ مانای ئەوانەی كۆن بەعسی بوون ئێستا پۆستی باڵای وڵاتیان بەدەستەوەیە (وەفیق سامەڕایی) نەك هەركۆنە بەعسی بەڵكو كۆنە كورد كوژیش بوو وەك خورمای كورد كوژە كەچی ئێستا راوێژكاری سەركۆماری عێراقە.

ماوەیەكی زۆر زاراوەی ئیتالی، لادێیو ئەنفالیان بۆ هەركەسێكی گوندنشین بەكاردەهێنا كەچی ئێستا زاراوەی پاشماوەی ئەنفالەكانو كەسو كاری هەڵەبجە بۆ مەبەستی ریكلامی سیاسیو هەڵبژاردن سوودی لێوەردەگیرێت، تائێستاش زۆر حزبو كەسایەتی كوردی سواڵ بەو دوو زاراوەیەوە دەكەنو كەسو كاری ئەنفالەكان هەر سەرگەردانو هەڵەبجەش هەردەڵێی دوێنێ كیمیاییەكەی بەسەردا رژاوە. زاراوەی پێشمەرگەی كۆن باشترین دەستكەوتی هەیە زەوی پانو پۆڕت دەدەنێو تۆش دەیدەیتە كابرایەكی دەوڵەمەندو دەیكاتە بینا بەشەریكیو لەسەریشی دەنوسی (هازا من فەزڵ رەبی) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خوا سەدامی كەركردوو شۆڕشی كوردیش هاتەوە شارەكانو بوو بەخاوەنی ئەم كوردستانە گەورەیەو حزبەكەی تۆش كەرەمی فەرموو ئەو پارچە زەوییە گەورەیەی دابەتۆو تۆش دوای ئەوەی دەیكەیتە بینا تەنیا (ژێر زەمینەكەی) دەیدەیتەوە بەحكومەت بەچل وەرقە كرێی مانگانە.

ماوەیەك هەر عەرەبێك بەدسداشەوە بهاتبایە ئەم شارە بەتەیحان تەیحان دوای دەكەوتنو كابرایان شێتو هاردەكرد، هەرچی سەیارەیەك لەبەغدادەوە بەدزیو فزی ئەهاتە ئەمشارە ناویان نابوو علوجو تائێستاش هەر علوجە، زاراوەی ئاوارەكانی كەركوك زۆرترین كاسبی پێوەكراو وایلیهات خودی خەڵكی كەركوكیشیان فێر كردوو ئێستا هەیانە لەسلێمانی هەم زەویو هەم شوقەشی وەرگرتووەو چۆتەوە كەركوكو لەوێش چەند پارچە زەوییەكی وەرگرتووەو دیسان گەڕاوەتەوە سلێمانیو كەچی خەڵكە هەژارو بێپشتو پەناكەی كەركوكیش هەر لەژێرخێمەدا دەناڵێنێو گەڕانەوەشی وەك خیانەتی نیشتمانی لەسەری دەوەستێت.

زاراوەی كورە مەسئول بۆ ئەو كەسانە بەكاردێت كەكوڕی مەسئولنو بەمۆنیكایەكی جام تاریك دێنو دەڕۆنو گەر زۆر پەست بوون مرورێك دەدەنە بەرشەقو نەریز لەیاسا دەگرن نەلەخەباتی باوكیان. یاخود دەڕۆنە بەردەم مەكتەبی كچانو دڵیان هەركچێكی گرت دەیبەنو دەڕۆن، یاخود پرۆژەیەكی بێمانا دەدەنە لایەنێكی حكومیو بڕێك پارەی زۆر وەردەگرن. بەمجۆرە زاراوە گەلێكی زۆر بەكاردێتو ئیتر هەرنابڕێتەوەو بۆ هەندێك دەبێتە خێرو بەرەكەتو بۆ زۆریش دەبێتە شێرپەنجەو تائەبەد لەكۆڵی نابێتەوە

# حاڵو ئەحواڵی دەڵێ

*فڕگەی هەولێر دیاری خوایە بۆ رێبواران، بەڵام بەداخەوە عەرەبانەی تێدانییە، دەبێ چەند سەد مەترێك بەكۆڵ جانتاكانی خۆت هەڵبگری، كەچی بەرپرسان دەڵێن هیچی لەفڕگەكانی جیهان كەمترنییە!.

*هەندێك لایەن خەڵك لەچوونە سەر سندووقەكانی دەنگدان سارد دەكەنەوە تا ساختەكاری باشتر بەڕێوەبچێت، هەندێكیش بۆیە خەڵك سارد دەكەنەوە تا رێژەی دەنگدەرانی كوردستان كەم بێتە بەرچاوانو میدیاكانی جیهان باسی لێوەبكەن.

*بەرپرسێك فەرموویەتی گەڵاڵەی بنیاتنانی شاری خەونەكان تابڵێی گرنگو پیرۆزە بەڵام بەرنامەی خەونی شارەكان كەموكووڕتی زۆر تێدایەو بە ئێمە چارەسەرناكرێ.

*لەكاتی دەنگدان بەدەستووری عێراق بەڕێوبەری ناحیەیەك وەك فەرمانبەرێكی سەر سەندوقەكان ناوی نووسرابوو، كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی! هەڵبژاردنەكان بڕیاری داوە كە هەمان ئەوانەی پێشوو بكاتەوە بەفەرمانبەرو كاری سەندوقەكانی دەنگدان بەڕێوەببەن ئەگەر وابێ ئەمجارەشیان كاكی بەڕێوبەری ناحیەی هێن دەبێتەوە فەرمانبەر و ٢گەلاكەی خۆی مسۆگەر دەكاتەوە!!.

*شەڕی پەڕۆكی حزبەكان تەواو بووە ئەوجارە نۆبەتی شەڕی لیستو بەرنامەكانیانە، بۆیە سەرۆكی یەكێ لە لیستەكان گاڵتە بە بەرنامەی لیستەكانی دیكە دەكاتو بەلیستی فشە ناویان دەبات!.

ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rojigel.tk
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیكترۆنی
rojigel@hotmail.com
rpk93@hotmail.com